

# سوارێک لە دەم دەرگە وەستاوە

**محەمەدفەریق حەسەن**
**(دانیمارک)**

(شەکرزار)ی هاوسەرم وەک شەوی لێ گۆڕابێ، خەو نەدەچووە چاوی. لەناو جێدا گینگڵی دەدا پێی گوتم، «نازەنین خانم، هاوسەری ئازیزم، بیرکردنەوە فریام ناکەوێت. مێشکم سەنگ و سووژن دا، نەمتوانی هەنجەتێکی بەجێ بدۆزمەوە، تا بەدەنگ داواکەی سوڵتانەوە نەچم، چونکە بەدەنگەوە نەچوونی سوڵتان، یەکسانە بە یاخیبوون لە سوڵتان.»

شەکرزار بەدەم زایەڵەیەکی خەمناکەوە ئەو قسانەی گوت. لەگەڵ ئەوەشدا چاوەکانی وەک ئەستێرە دەدرەوشان.. شەوانەش چرای نەدەکوژاندەوە. ئەو شەوە، وەک بەفرێکی ئەستوور ببارێت، دنیا کپ بوو. شەکرزاریش، دەمبەدەم نیگەرانتر دەبوو. شەوێکیان دۆخێکی خراپ بەسەرمدا هات، بۆیە ئەوەندە بۆ حاڵی شڕی شەکرزار گریام، خەریک بوو تاریکی بەسەر چاومدا بێت.

(١)

چێشتەنگاوێکی درەنگ، کوێتسوارێکی کڵاوخود بە سەری چاو و برۆ ڕەشی سمێڵ بابڕ. پێ بە چەکمەی قاوەیی، لە ئاوزەنگی دا، قنج بەسەر زینی ئەسپەکەیەوە. ئاوزەنگییەکان وەک زیوی بەر خۆرەتاوی پووشپەڕ دەدرەوشانەوە. شمشێرێک بە کەمەریەوە، باڵچۆغەی بە نەخشونیگار. سینەبەند و سەرکەللەی ئەسپەکوێت، بە ڕستە گوڵینگەی نوێی زەرد و سوور. کوێتسوار، لە پێش دوودەرییە قاوەیییەکەی ماڵی شاعیری ناوداری سەردەمی خۆی، ئەحمەد خانی شەکرزاردا وەک

مێخزنجیر چەقی. شەکرزار لە ژوورەوە چاوت لە سوار بوو. بەڕەنگی بزرکاوەوە، بەرلەوەی سوار لە دەرگە بدات، ڕابوو. جووتێک سۆلی بەسەر پێوە کرد.

- بێ ئافات!

بە گومانەوە ئاوای گوت و بەرەو دەرگەی دەرێ هەنگاوی نا. لێوەکانی تەتەڵەی دەکرد و هیچیشی نەدەگوت. کوێتسواری بە دیمەن و بە سام، دوای ئیکلام، نامەیەکی زەردباوی بە شریتی سوور گرێدراوی دایە دەست جەنابی شاعیر و گوتی:

- لە دیوانی سوڵتانی مەزنەوە بۆ جەنابی ئەحمەد خانی شەکرزار!

شەکرزار بەدەستی لەرزیوەوە نامەکەی لێ وەرگرت، نابەدڵ گوتی:

- خودا سوڵتان بپارێزێت.

کوێتسوار جڵەوی بۆ ئەسپەکوێت شل کرد و بایدایەوە. شەکرزاریش چەندی کرد و کۆشا نەیتوانی دەستلەرزینەکەی بشارێتەوە. وێڕای ئەوەش، هەستی کرد دوای هەفتەیەک ئارامی، دڵەکوتێ نەفرەتییەکەی بۆ گەڕاوەتەوە. نازەنین خانمی هاوسەری شەکرزار و (پەروا)ی کچە تاقانەی بە پەرۆشەوە بە پیرییەوە چوون. شەکرزار بە هاوسەری خۆی گوت:

- نامەیەکە لە دیوانی سوڵتانەوە هاتووە!

- خوا بەخێری بگێڕێت!

نازەنین خانم بە دەستلەرزینی مێردەکەی، کرزە لە جەرگییەوە هات. شاعیریش نیگەرانی خۆی بۆ نەشاردرایەوە. گۆشەکانی زاری لە جاران زیاتر داخزان. دەستیشی یەکبین بە نامەکەوە دەلەرزی. نازەنین خانم جامولکەیەک، ئاوی ساردی فریا خست. شەکرزار چەند قومێکی لێدا، لە بان دۆشەکێک دانیشت و پاڵی دایەوە. شەیتانی بە نەفرەت کرد و نامەکەی کردەوە. [پاش ڕێز و سلاو. بە ئەرکی مەزانە، شەممەی داهاتوو، دوای نوێژی عەسر، بۆ دیوانی سوڵتانی مەزن تەشریف بهێنە. سەرت لێ دەدەینەوە.. واژۆ: دیوانی سوڵتانی زەمان]

نازەنین خانم کە بە وردی گوێی گرتبوو، پرسی:

- تێیدا نووسراوە، سوڵتان چ کارێکی پێتە؟

- نەخێر، ئەوەندەی تێدا نووسراوە کە خوێندمەوە!

پەروا، کچە تاقانەی شاعیر گوتی:

-کاری سوڵتان و پاشایان، وەک مەتەڵ وایە! نەمزانی ئێوە بە تەنیا بانگ کراون، یان شاعیر و دانا و عارفانی وڵاتیش بانگ کراون؟

نازەنین خانم وتی:

- خەمت نەبێ، هەتا عەسری شەممە خوا خۆی دەمێنێ و موڵکی! دەزانم حیکایەتی پاشا و دارتاشەکەت لەیاد ماوە! دڵنیابە ئەگەر خوانەخواستە سوڵتان نیازی خراپ بووایە، نامەی بۆ نەدەناردی!

ئەحمەدخانی شەکرزار وەڵامی بۆ هیچکامیان نەبوو.

نامەکەی سوڵتان، شەکرزاری خزاندە گێژەنێکەوە لێدەرچوونی ئەستەم بوو. ئەو ئیتر لە بن لێوەوە لەگەڵ خۆیدا، ڕەنگە لەگەڵ خەڵکانی تریشدا دەدوا کە لەو ماڵەدا ئامادە نەبوون. بە دەم خەیاڵاتی ناخۆشەوە گەمەی بە دەنکە هەنگوینییەکانی تەزبیحەکەی دەکرد و وەک جاو بنێتەوە بەژێر درەختی هەڵکشاو و بەناو گوڵزاری حەوشە فراوانەکەیاندا دەهات و دەچوو. ئەو بە مێژووی خۆیدا دەچووەوە، لە شیعرێکدا وتوومە، «کۆشک و سەرا بە پوولێک، ئەوەی بمێنێ ناوبانگی باشە.» ڕەنگە بەدکاران خراپیان بۆ لێکدابێتەوە. سوڵتان ئێوارەی لێ هات مەستە. لەبەر کەنیزە

ناسکۆڵەکانی ناپەرژێتە سەر خوێندنەوەی شیعر و فەلسەفە، ئەگەر ئەم و ئەو شیعرەکەیان بۆ نەبردبێت... هاتەوە بیرم. لە قەسیدەیەکیشدا گوتوومە: «هەن تاجی سەڵتەنەتیان لەسەرە، منیش تاجی شیعر!» لە شیعرێکی درێژیشدا کە لەوانەیە ئەمەیان بێت باجەکەی بدەم، ئەمەشم گوتووە: «هیچ سامانێک هێندەی (تاج) لەق نییە، بە هەڵنووتانێک، بە پاڵێک، بە سروە بایەک، لە سەری پاشا بەردەبێتەوە!» ڕێی تێدەچێ خۆبەرەپێشێکی بەر دەرگەی سوڵتان، بۆ دوو مشت درهەمی ژەنگن و ئافەرینێکی ڕووت، ئەم شیعرانەی منی خراپ بۆ لێکدابێتەوە و بۆشی تێچاندبم. خۆ من ڕووی دەمم لە سوڵتان نەبووە، شیعرێکە و بۆم هاتووە. ئەوەیان ڕوونە، من قەت ناتوانم مەرەکە مەرەکە لەگەڵ سوڵتانێکدا بکەم. حەوت ڕۆژەڕێ ئەسپی خۆت لنگدە، هێشتا قەڵەمڕەوی کۆتایی نایەت و زەوی لەژێر پێی ئۆردووی بێشوماری ئەودا دەلەرزێ. ئا، هاتەوە یادم، لەسەر ئەوەی شاعیرێکی لاو، لە قەسیدەیەکدا گوتبووی: «منیش سوڵتانی شیعرم.» سەرەوخوار هەڵیواسی. بە خۆیشمەوە کەس نەیوێرا شەفاعەتی بۆ بکات. وەختێ شاعیرە لاوەکەیان نیوە ڕۆح بۆ بردبوو، بە تەوسەوە پێی گوتبوو، «گزگل، جا یەکجاری تاجەکەشم لەسەر نێ و خۆت بکە بە سوڵتانی زەمان!» بە درێژایی تەمەنم، نەمدیوە و نەمبیستووە مرۆڤ سەرەوخوار هەڵبواسرێت.

شەکرزار، وەختێ لەو حەوشە فراوان و تەختەی خۆیدا دەهات و دەچوو، لە زیخێک هەڵدەنووتا. زوو دەمی وشک دەبوو. دڵەکوتەش تەنگی پێ هەڵچنیبوو. لەبەر خۆیەوە دەدوا، «لە کۆتایی نامەکەی دیوانی سوڵتاندا نووسراوە، سەرت لێ دەدەینەوە، دەبێ مەبەستی چی بێت؟ ڕەنگە بۆ ئەوەی بێت بزانێ داخۆ من لە شار ماوم، یان هەڵاتووم و یاخی بووم. نا، من شار جێ ناهێڵم. بۆ کوێ سەری خۆم هەڵگرم؟ ڕوو لە هەر کوێیەک بکەم قەڵەمڕەوی سوڵتانە. من و بەستەیەک تیانووس، ئووچێک و شووشەیەک مەرەکەبی ڕەش.. دامێنگیری کەسیش نابم لای سوڵتان شەفاعەتم بۆ بکات.» شەکرزار زوو زوو زاری دەنووقاند و تفێکی قووت دەدا.

(٢)

دوای نیوەڕۆی شەممە، ئەحمەدخانی شەکرزار خۆی گورج کردەوە و ڕووی لە مزگەوت کرد. لەوێ دەستنوێژی گرت، لە ڕیزی نوێژخوێناندا جێی خۆی گرت. دوای نوێژی عەسر، هەردوو دەستی بۆ ئاسمان هەڵبڕی، چاوەکانی نووقاند. لە خواوەند پاڕایەوە، لە غەزەبی سوڵتان بیپارێزێت. وەختێ سەرنجی دەوروبەری خۆی دا، مزگەوت نوێژخوێنی تێدا نەمابوو. دەستی دادا و بە چەند تەکانێک توانی قیت بە پێوە بوەستێ. پێڵاوی لەپێ کرد. وردە وردە بەرەو کۆشکی سوڵتان جووڵا. «میرغەزەب، وشەیەکی چەند زبر و قێزەونە خودایە. دەستی بە خوێنە و غەزەبی لێ دەبارێ. لەوەش قێزەونتر ئەوەیە، بە مووچەی میرغەزەب ماڵ و منداڵ بەخێو بکات. ئەو هەمیشە شمشێرێکی دەم پانی بە کەمەرەوەیە لالا موو دەکات. هەمیشە لە پشت سەری سوڵتانەوە، دەست لەسەر باڵچۆغەی شمشێر ئامادە و ڕاوەستاوە. چاوەڕوانی ئاماژە و فەرمانە، کەچی لە مەجلیسی سوڵتاندا بۆی نییە بڵێ لەل. ئەو، زلەیەکی چوارپەل قەوی، کەللەزلی سەرنج مۆنە. داخۆ بەو شمشێرەی کە لالا موو دەکات، سەری چەند بێگوناح پەڕیبێت؟»

(٣)

نازەنین خانم و پەرواى کچى، دەستەوئەژنۆ چاوەڕوانى چارەنووسى نادیارى شاعیر بوون، وەختێ دواى لەماڵ دەرچوونى شاعیر بە ماوەیەک، بە ڕیتمێکى هاوسان زایەڵەى وردە زەنگوڵە و تەقەى سمى ئەسپیان دەهاتەوە گوێ و نزیک ماڵیان دەبووەوە. زۆرى نەبرد گالیسکەیەکى شاهانە، لە دەم دوودەرییەکەى ماڵى شاعیر ئەحمەد خانى شەکرزاردا وەستا و جووتێک ئەسپ بە شوێن یەکدا پڕماندیان، کابراى گالیسکەوان دابەزى. چەند جارێک بە خواجەپێدار دەرگەى ماڵیانى کوتا. دایک و کچ بە هەڵەداوان بەرەو دەرگەى دەرێ چوون. لە دەرێش، منداڵانى کۆڵان لە گالیسکەى شاهانە کۆ بوونەوە و ژنانى ئەم بەر و ئەوبەریش لە دەرگەوە سەریان کێشا.

نازەنین خانمى هاوسەرى شەکرزار لە گالیسکەوانى پرسى:

– ئێوە بە دواى ماڵى کێدا وێڵن؟

– خۆى دەزانێت بە شوێن کێدا هاتووم. بە میرزاى شەکرزار بڵێ با خۆى کۆ بکاتەوە و تەشریف بۆ کۆشکى سوڵتانى مەزنمان بهێنێت!

– بڕیار وابوو دواى نوێژى عەسر لە مزگەوتى گەورەى شارەوە بە پێیان بەرەو کۆشک بکەوێتە ڕێ. دەتوانم بپرسم: سوڵتانى مەزن چ کارێکى بە ئەحمەد خانى شەکرزار هەیە؟

– ئەگەر پەیمانم پێ دەدەیت لاى کەس نایدرکێنیت، پێت دەڵێم!

– لە منەوە پەیمان بێت، جەنابى گالیسکەوان! مەگەر گڵ لێم ببیستێ.

– سوڵتانى مەزنمان خودا ئاگادارى بێت، قەسیدەیەکى نووسیوە، پێى خۆشە بۆ ئەحمەد خانى شەکرزارى بخوێنێتەوە و ڕاى جەنابى لەسەر ئاستى شیعرەکەى بزانێت!

نازەنین خانم بستێک زارى کردەوە و شادییەک لە دڵێ گەڕا. پەرواى کچیشى لە خۆشیاندا دەتریقایەوە. دایک بە کچى خۆى گوت:

– پێ هەڵگرە کچم. بە فڕکانێک بگەرە مزگەوت و بە بابت بڵێ با بێتەوە ماڵ و بە گالیسکەى شاهانە بۆ کۆشکى سوڵتان تەشریف بەرێت.

لە گالیسکەوانیشى پرسى:

– بۆچى سوڵتانیش شیعر دەنووسێت؟

(٤)

پەروا، هێشتا چەند هەنگاوێک لە ماڵ دوور نەکەوتبووەوە، لە بەردێک هەڵنووتا و بەدەمدا کەوت، ئەگەرچى ئازاریشى پێگەیشبوو، بەڵام گورج هەڵسایەوە، خۆى تەکاند و بەسەر خۆیدا نەهێنا. دایکى کە چاوى لەسەرى بوو، هەناسەیەکى خێراى هەڵکێشا، گوتى، «خوا بە خێرى بگێڕێت!›› پەروا یەکسەر خۆى بە مزگەوتەکەدا کرد، وەلێ بابى خۆى لەوێ نەبینى. مجێورى مزگەوتەکە گوتى:

– ئاگادارم دواى نوێژ، واوە ئۆغرى کرد!

پەروا بەرەو چڕەبەندانى ئەو خەڵکەى لەدووڕا دیار بوون، پێى هەڵگرت. ئەوەندەى بڵێى یەک و دوو گەیشتە لایان.

– داخم ناچێ بۆ ئەحمەدخانى شەکرزار! بەلادا هات و مرد! شاعیرى وەها نابێتەوە. دەبوو لەسەر سەرمان داماننابا! ئێستاش بۆ پیشاندانى ڕێز، بۆ چەند هەناسەیەک سەروبەست و کڵاوەکانتان لە ئاست مەرگى شەکرزاردا داگرن! پیاوێکى بە سەروسیما بوو، وەهاى بە ئامادەبووان گوت و ئەوانیش داواکەیان جێبەجێ کرد.

پەروا یەک بەخۆى زریکاندى و درى بە ئاپۆراى خەڵکەکە دا. بابى خۆى بێ جووڵە بینى لەسەر پشت کەوتبوو. چاوەکانى ڕووەو ئاسمان زەق، زارى کراوە و ڕوخسارى زەرد هەڵگەڕابوو.

٢٠٢٤/٩/٢٢